# پەیامێک بۆ سەرۆکی کوردستان بارزانیی دووەم

## ئەگەر مقەیەتی ( زمانی یەکگرتوو ) نەبین.. دەبین بە 5 زمان

موحسین جوامێر
mohsinjwamir@hotmail.com

سەرۆکی هێژا.!

ساڵ دێ ساڵ دەڕوات، لە بەشێکی باشووری وڵاتدا بە شێوەیەک و لەوەی دیکەدا بە زمانی ستانداردی کوردی - کە بە ناهەق پێی دەگوترێ سۆرانی - دەخوێندرێ و دەنووسرێت.. ئەمەیش وا دەکا خەڵکی یەک نەتەوە - هێدی هێدی - لە یەکدی دابڕێن و ببن بە نامۆ و بێگانە، چ لە ناوەوە یان لە هەندەرانە.. هێواش هێواش هەستی ناوچە و شێوەزارگەری لە نێو یەک میللەتی خاوەن یەک هەستی کوردستانیدا، پەیدا ببێت و دوژمنیش پەیتاپەیتا لەسەر ئەم هێڵ و تەوەرەدا، یاری و ڕمبازی بکەن؛ چونکە جەژنەیانە.

چ ڕەوای هەقە قوتابییەکی دهۆکی، پاش خەباتی هەشتا ساڵانەی باب و باپیری، لە هاونەتەوەیەکی خۆی لە سلێمانی، کەرکووک، خانەقین و هەولێر نەگات و ناچاربن پەنا بۆ عەرەبی ببەن، کە ئەمڕۆ ئەویش تەفلیش بوو نەما، هاوکات ئینگلیزییەکەیش دوکەڵ دەکا و خەریکە بزربێ لە نێو تەما، ئەوجا دەبێ فێری زمانی کەڕوڵاڵان بن لە قاروخەما.. لە کاتێکدا لە سەردەمی بەرێدا ئەم دیاردەیە نەبوو، ئەسڵەن ئەو قوتابییە دهۆکییانەی لە دوای یازدەی ئازاری 1970 وە بە زمانی ڕەسمی خۆیندیان، جگە لە گفتوگۆ؛ نووسەر و ئەدیبیان لێ هاتە گۆ. یا ئەو ( خوێندنەوەی کوردی ) یەی لە دهۆک و سلێمانی دەخوێندرا، بە هەمان شێوە و زمان لە بەغدا و بەسرا - یش دەخوێندرا.

ئەز تەخمین ناکەم ئەو زمانەیەکگرتووەی - بە ناڕەوا پێی دەگوترێ سۆرانی - و نزیکەی سەد ساڵە پێی دەخوێندرێ و دەنووسرێ بە کامەرانی، بۆ برازایەکی منی دهۆکی یان ئازیزێکی منی کرمانج؛ لە عەرەبی یا لە تورکی یان لە فارسی؛ زۆر و زەحمەتتر بێت و فڕی لێ نەزانی.. هەرگیز بڕوا ناکەم ( فرش الفراش الفراش ) یان ( قفز الولد من فوق البرميل ) ی ئەلفوبێی ( ساطع الحصري ) بۆ زاڕۆکێکی دەلالی مە لە ئاکرێ یا لە دهۆکێ یان لە قامشلوویێ، لە ( دارا وەرە دەرەوە ) و ( دارا دوو داری دی ) ی ( ئیبراهیم ئەمین باڵدار ) ساناتر بێت و پێی نەکەوێتە هەراسانی. جگە لەوەی، باشووری کوردستان و ڕۆژهەڵاتەکەی - کە کوردیی تێدا ئازادە - ڕێکن لەسەر هەمان دیالێکتی پێیان نووسی ئەدیبان و شاعیرانی.

سەرۆکی هێژا.!

ئەڵمانیزمانێکی وڵاتی سویسرا - سەبارەت بە دووریی دیالێکتەکەی لە هی هاوخوێنە ئەڵمانییەکەوە - لێی ناگات؛ وەلێ هەردووکیان پەنا دەبەنە بەر زمانی یەکگرتووی ئەڵمانی، کە هەردووکان دەکا بەیەک نەک بە دوو.. نایەن، وەک هێندێک لە کوردان، سێ بەردە دەمستی نەتەوەکەیان بنێن و بێژن ئەگەر وەک زمان ددانمان پێدا دەهێنن باشە، دەنا حاشا لە کورد چ ئەوەی خراپە یان ئەوەی باشە، هەروەک کابرایەک نووسیبووی لەسەر ڕووی شاشە، بێ ئەوەی بزانێ ئەم قسەیە چەند بڤەیە و چ قاس شاشە!

لە کونفرانسە پەروەردەییەکەی لە نێوان 22 - 24 ی مانگی مایسدا لە هەولێرێ بەسترا، خانمێکی پەرلەمانتار لە پەرلەمانی عیراقدا کە ناوی ڕەجاء حەمدوون عەبدوڵڵا بوو و ئەندامی لێژنەی پەروەردە و

فێرکردنه لەوێ، ئاماده بوو.. دیار بوو بیستبووی کورد پاش ئەوەی وازیان له براکوژی هێنا، ئێسته خەریکی زمانکوژین و سمکۆڵی بۆ دەکەن، چ له زستان یان له هاوینا.. له دوای ئەوەی ئاخی هەڵکێشا که کورد له زمانی خۆیان قیت بوونەتەوه، فەرمووی : ئێمه ئێسته له هەوڵی ئەوه داین لەپاڵ کۆڕی زانیاریی عیراقدا، کۆڕی زانیاریی کوردیش زیندوو بکەینەوه، ئەگەرچی کوردی هێشتا زمان نییه وهەر لەهجەیه؛ ژمارەیشی بەقەدەر هەر دەپەنجەیه.! که وای وت، وتەی زێڕینی باوانی کوردانی ئێستەی له ژیان دەرزوەرنەگرتووم هاتەوه یاد؛ که دەڵێ : مریشک هەتا خۆی خۆڵ نەکا به سەر خۆیدا، دنیا ئەو کارەی پێ ناکات.!

زاتەن ئەوەی کێشەکه قووڵتر دەکات و پیاو خەریکه سوێی دەبێتەوه، وەدرەنگخستنی چارەسەریی مەسەلەکەیه - که خۆمان دروستمان کردووه - بۆ چەندین ساڵ و بگره بۆ بیست ساڵی دیکه؛ وەک له دهۆک باسی لێوه کرا، به مەبەستی لێتۆژینەوه و کۆبوونەوەی زانایان.. له کاتێکدا ئەم پرۆسەیه بریتییه له ڕاوێژێکی خێرا و بڕیارێکی سیاسیی خێراتر، هەروەک له ئەلبانیا - بۆ نموونه - پیاده کرا، دوای دۆشدامان و دەستێک لەپاش و یەکێک له پێشیی لایەنەکانی پەروەرده و فێرکاری که له نێوان شێوەزاری ( گێگی ) و ( تۆسکی ) دا بێبڕیاڕ مابوون و خەریک بوون هەم له قەلان بن و هەمیش له کۆتران ..ئەوه بوو هەروەک پڕۆفیسۆرێکی زمانی ئەلبانی د. یەعقووب بۆی نووسیم، ئەنوەر خۆجەی سەرۆک دەوڵەت له ساڵی 1972 دا بڕیاری دا تۆسکی - که زمانی کەمینەیه وسەرداره - بکرێت به زمانی ڕەسمی.. وەکوو برۆفیسۆری نێوبراو گوتی، له بواری خوێندن بترازێ؛ شێوەزارەکەی دی ( گێگی ) له بوارەکانی تری ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیدا - وەک ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و بڵاوکراوه - چالاکه و هەر ماوه وهەرگیز نابەزێ. بەنده لەو بروایەدا نیم - بۆ کوردی - هەتا پێویستی به بڕیار بێ، چونکه دیاره که زمانێکه هەموو کوردی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستانی به دەوردا کۆ بووەتەوه، جگه لەوەی کاریگەرییەکی مەعنەویشی بەسەر باکووری ئازیزی وڵاتدا هەیه.!

## سەرۆکی هێژا.!

ئەو هەوڵەی ئێسته له خوێندنی دوولەهجەییدا له کوردستان دەدرێت، ئەگەر هەتا زووه چارەسەر نەکرێت، زۆر دەرهاوێشتەی دیکەی نەرێنی و نالەباری به دوادا دێن که تواناکان پەرش وبڵاو دەکەن.. لەکاتێکدا دەکرێ - لەباتی کەپەنکی دوای باران - هەر له ئێستەوه بۆ زمانی یەکگرتوو - که هەیه - بەکار و کارا بین.. زیانی هەره ترسناکی ئەم وەدواخستنەیش لەوەوه خۆی زەق و چڕ دەکاتەوه، که ئاخرەکەی بەرەو زمانگەلی جودا - که ئا لێرەدا دەستپێکی کارەساتەکەیه - دەچین.

وەختە بڵێم ئەگەر بیکەر و هاملتۆن بیانزانیایه کورد له زماندا ئەوەنده ئاشقەلەهجه و دیموکراتن، ئەوا ماددەی ( پەرەدان به دیالێکتی شاران ) یان دەخسته دووتوێی ئەو بەندەی تێیدا جەخت لەسەر یاسای موحافەزات دەکاتن.. وەلێ خۆ نەچووه بچێ، ئەویش ڕۆژێک هەموار دەکرێت و ئەو خاڵەی دەخرێته ناو، خەڵک وەک ئێمه نین؛ به سەبر و خەباتن.. خۆ کوردیش درێغییان نەکردووه، به پراکتیک وا خەریکن جێبەجێی دەکەن، ئەسڵەن هێندێک بۆ فرەزمانیی کوردان؛ دەڵێی ئاوقاتن.!

که سەیری بناغەی کۆڕی زانیاریی کورد له هەولێرێ دەکەم، بڕوا ناکەم لەڕووی بیناسازییەوه هی سوێد خۆی له قەرەی بدات.. له حاڵێکدا، وەکوو دیاره بەهەموو ئەندامانی ئەو دەزگەیه، به قەد مامۆستای زمانزان جەمال عەبدول له بواری زمانەوانیدا بلیمەتییان تێیدا نەنواندووه. هاوکات دەکرا ئەم دەسەڵاته زانستییه له بڕیارەکانیدا ئەوەنده ئازا و ئازاد و بەوره بووایه؛ هیچ لایەنێک تا ڕۆژی سەڵایه نەیتوانیبایه شانی له شانی بدایه، هەتا ئەگەر له هێندێ له ئیجتیهادەکانیشدا هەڵه و کۆڵەوار بووایه.. بڕوا ناکەم له مێژووی دەزگه

زانستی و زانیارییەکانی کوردیدا، تا ئێستە وەکوو کۆڕی زانیاریی کوردیی بەغدا، چ لەڕووی ڕەسانەتیی زاناکانی و چ لەڕووی بەرهەمەوە، یەکێکی هاوشێوە لەدایک بووبێت، ناشلێین بێکەموکورتی و لە لوتکەدا بوو؛ چونکە بێهەڵەیی هەر بۆ خودایە.

سەرۆکی هێژا.!

ئەگەر بێتو جڵەو بۆ ئەو بۆچوونەی دژی گرنگترین بنەمای نەتەوایەتیمان ـ کە زمانە ـ شۆڕ بکرێت، ئەوا ئاخرەکەی ئەو هەستەپەیوەستە پڕلە کوردایەتییەی بە درێژاییی مێژوو، ئێمەی کوردی بە یەک بەستووەتەوە؛ هێدی هێدی کز دەبێتەوە و لە هاوخوێنی و هاوخەباتییەوە بۆ قۆناغی دوعابۆیەکدیکردن، دەگوێزرێتەوە.. ئا ئەوسا خودان زاراوەکان دەبن بەگەلان، هەر لایەن و خەریکی توند و تۆڵکردنی دنیای زاراوەی خۆی دەبێت، چ لەسەر کاغەز یان لەسەر ئینتەرنێت.. کوردستانی گەورەیش بە تەبیعەتی خۆی دەبێتە تراویلکەیەک ( سەراب ) کە لە دواڕۆژدا ـ خۆخەریککردن پێی ـ بە خۆفریودان دێتە بەر دید و نەزەری پیاوی ئاقڵ و شێت.. بەم پێیە، سەردەمێکی دیکە کە بەسەر زمانەکانی دیکەی بەرێدا هات، ئەمجارەیان بەسەر کوردیدا دێ و ـ لە کوردی بترازێ ـ لەدایکبوونی چەندین زمانی دیکە لە پزدانی ئەم زمانەدا دێتە بەرهەم، بتەوێ یا نەتەوێت.! ئەم یاسا و ڕێسایەیش بۆ هەمووان هەر یەکە؛ چ لە ئەفریقا یان لە کوێت.!

ئەگەر کار ئاوا بڕوا، گومان لەوەدا نیە دهۆکی دەلال پەیتاپەیتا لە جەستەی باشووری کوردستان جودا دەبێتەوە.. ئەوسا بۆی هەیە ئەوەندەی لە موسڵ نزیک دەبێتەوە؛ ئەوەندە لە هەولێر و کەرکووک و سلێمانی و خانەقین و مەهاباد نزیک نەبێتەوە.. یاخود لەپاڵ ئەوانی دیکەدا؛ دەبێتە قەومییەتێکی سەربەخۆ و لەنێوخۆیدا دەتوێتەوە.. یان ئەوەندەی سۆز و میهری بۆ ئەستەنبۆل و بەغداد دەچێ؛ هەر ئەوەندەیش بۆ هەولێر و مەهاباد دەچێ.!

سەرۆکی هێژا.!

( ب خۆزیا دەست ناگهە باقا کەزیبا ).. بە هیوای کوردستانی گەورە، بێین ئەم خانووچکە زمانەوانییە داتەپێنین و بیکەین بە وێرانە؛ لوتکەی دۆراندنە هەم لەوێ هەم لێرەکانە.! بە کەڵکەڵەی ئەوەی هاونەتەوەمان کوردی کرمانج ژمارەیان زێترە، بێین دەست لە زمانێکی ستاندارد بوەشێنین کە لە توانایدا هەیە هەر زانستێکی پی بنووسرێت؛ ئەو مەنتیقە هیچ گەلێکی هۆشیار قبووڵی ناکات وهیچ زانایەکی زیخ نایخاتە تەرازووی پەسندکردنەوە.!.. بلا جارێ ئەم کوڕە گەورە بکەین، خوا گەورەیە بۆ کوڕێکی دیکە.! هەروەک خەسووەکە بە نۆبووکەکەی خۆی گوت لە زەمانی بەری نووکە.

باکووری کوردستان، هەتا نەوەتەکان ـ مەگەر بەدزی ـ دەنا کتێبێکی کوردیی تێدا بە ئاشکرا چاپ نەکرا.. بەڕێزتان باش شارەزای ئەوێن، سەروبنی ئەو وڵاتە بپشکنی، بە قەدەر نیوەی شاری دهۆکی دەلال کوردیزانی تێدا نییە.. لەشارێکی وەکوو ئامەدا کە ڕۆحی کوردستانە، ئێستەیش زمانی ڕەسمیی ماڵەکان؛ تورکییە.. بڕۆ چیای قەندیل کە مەکۆی شەڕوانانی پەکەکەیە و هیوامە هەر سەرکەوتوو و بێوەی بن، زمانی ستاندارد و یەکگرتوویان؛ تورکییە. ئەمە واقعێکە و زمانی کوردییش هەر ئەوەندە نییە کابرا بزانی بڵێت : چاوانی باشی.!

بۆیە، دەکرێ پایتەختی کوردستان ـ کە بە حوکمی پێگەی سیاسی و دیبلۆماسی و ئابووری، خۆڕسک دەبێتە چەقی زمانی یەکگرتوو ـ لەگەڵ پیر و ئەختیار و زانا و سیاسەتوانانی باکوور ڕێک کەون، زمانی ستانداردی باشوور ـ کە بە زوڵم پێی دەڵێن سۆرانی ـ بکرێتە زمانی ئەوێش و فێری بن مرۆڤی نوێ و کەون.. زاتەن هەموو

شتێکی پێوەندیی لەگەڵ زمان و ڕۆشنبیریی کوردیدا هەبێت، بۆ گەلی باکوور؛ نوێیە و دیتە بەرچاو وەکوو خەون.

ساڵی 1983 بۆ ماوەی یەک ساڵ لە ئەنقەرە بووم، بەینم لەگەڵ کوردانی ئەوێ زۆر خۆش بوو؛ خۆشم ویستن.. ڕۆژێکیان چوومە ماڵی برادەرێکی ئازیز، دیار بوو ڕادیۆکەی لەسەر ئێستگەی کوردیی بەغدا دانابوو، بەرنامەکە بادینی بوو.. منیش وتم: خۆشە، وا نییە؟ گوتی : ئەرێ، لیبەلێ سۆرانییە، فەهم ناکەم.!

سەرۆکی هێژا.!

زۆر دەترسم لە داهاتوودا پەرلەمانی کوردستان بە پێشوازی لە نوێنەرانی کەمایەتییە کوردییەکان سەرقاڵ بکرێت، هاوڕێ لەگەڵ خۆیاندا ئەرزوحاڵ بهێنن بۆ ئەوەی لە دەستووری کوردستاندا دان بە زمانی کوردیی ئەوانیشدا بنرێت؛ چونکە ( منداڵەکانیان لە کوردی ناگەن.! ). بەندە نەمبیستووە لە هەر چوار ئیقلیمی دنیادا، میللەتێک هەبن خۆیان بە هاوخوێنی یەکدی بزانن، کەچی بێن دوو پێی زمانی یەکگرتووی تەمەن سەد ساڵەیان دە سۆڵێک بکەن و بڵێن : ئێمە هاتین، تۆ بار کە.!

سۆماڵییەکان، سەدان عەشرەت و قەبیلەن، یەکەم کتێبی چاپکراویان لە ساڵی 1972 دا بوو، یەکەم زمانی ڕەسمیشیان هەر لەو ساڵیدا لەدایک بوو.. ئەگەر لە هەموو شتێکدا ناکۆک بن، وەلێ بۆ زمانی یەکگرتوو خڕیان لەسەر چۆکن.

ڕەوشەکە، ئەگەر بە چاوێکی واقیعبینانە تیی نەڕوانین و بەپێی عاتیفە و ئیمزای خەڵکی مامەڵەی لەگەڵدا بکەین، ئەگەرێکی زۆر هەیە نەک دوای 20 ساڵان هیچ زمانێکی یەکگرتووی کوردی بە عەمەلیاتی قەیسەری لەدایک نابێت، بگرە هەر لەم چەند ساڵەی داهاتوودا کۆمەڵێک زمانی کوردی سەر هەڵدەدەن، نیشانەکانیش لێکدا لیکدا بەڵگە و دەلیلمان پێ دەدەن.. کە هاتینە سوێد، تەنیا یەک خوێندنەوەی کوردی هەبوو، ئەوەی دی هەبوو نەبوو.. دایەرەی پەروەردە، دەیگوت و دەینووسی : زمانی کوردی.. پاشان کرمانجی هات، گوتیان کوردیی سەروو و کوردیی خواروو.. ئەوجا زازایی و فەیلی هاتن.. ئێستە بۆ ئەوەی لەنێو گێژاوی ئەم هەموو ناو و زمانانە، سوێدییەکان شێت و دین نەبن، کردیان بە : زمانی سۆرانی، زمانی کرمانجی، زمانی زازایی، زمانی بادینی و زمانی فەیلی.

ئەگەر کار ئاوا بڕوات، من هیچ گومانێکم لەوەدا نییە کە کوردبوونەکەی ئێمە کاتییە و لەلای کەمی دەبین بە پێنج قەومییەت و پێنج زمان.. لە سۆنگەی ئەمەوە لە وتارێکمدا پێشنیازی ئەوەم کرد، جارێ با بە ئینگلیزی بخوێنین، چ بێگانە چ خزمان.

دڵنیام دوژمن ئاگای لەو لێکهەڵوەشانە زمانییەی نێو کوردان هەیە، بەختەوەریشە.. لەوانەیە لەمەودوا پاڵپشتیشی بکات، بەس ناڵێم ئەو دەستپێشخەرە، بەڵکو خەتا لە کوردەکەیە؛ هەمیشە.

سەرۆکی هێژا.!

ئەگەر شای شاعیران ئەحمەدی خانی بەری سەدان ساڵ بەئەدەبانە ڕازی دڵی خۆی بەم شێوەیە دەربڕی بێت :

ئەز مامە د حیکمەتا خودێ دا

کورمانج د دەولەتا دنـــــــێ دا

ئایا ب چ وەجهێ مانە مەحــرووم
بیلجوملە ژ بۆ چ بوونە مەحکووم

ئەوا لەمەولا هەر هەڵەیەک بۆ گۆڕینی سیمای نەتەوەییمان، بە پەرتەوازەکردنی بۆ شێوەزار و لەهجەی جیاواز، لە ئەستۆی کوردەکە خۆیەتی.. من هەمیشە نووسیومە کە دەبێ سنوورێکی یەکجارەکی بۆ بانگەشەی ئاوا دابنرێت و ئەم جۆرە داوایانە لە ئاستی ڕەسمیدا بخرێنە بابی ( موحەڕەمات ) ەوە؛ ئێستاکەیش ڕۆژیەتی.!
من پێشنیاز دەکەم، بۆ لێکۆڵینەوە لە مەترسییەکانی ئەو گۆڕانکارییانەی خەریکن سەری زمانەکەمان دەخۆن، کۆمەلێک زانای زمانناس لەدەرەوە بانگێشتی کوردستان بکرێن.. بۆ ئەوەی بزانین ئاخۆ ئێمە بەدەستبەردان لە ئەم زمانە یەکگرتووەی هەمانە و بەکردنەوەی دەرگا بۆ ئەوەندە لەهجە کوردییانە : ( کوردتر) دەبین یان ( تەفلیش ).؟! ئایا خوێندن بە لەهجان، بەرەو هاتنەکایەی زمان و قەومییەتی نوێ نابات؟ ئاخۆ بەدیل ( جێگەگیر ) چییە؟

## سەرۆکی هێژا.!

گەورەترین سەرکەوتنی مەعنەویی لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا بە دەستمان هێنا، ئەوە بوو کاتێ زمانی کوردی کرا بە دەستەخوشکی زمانی عەرەبی لە دەوڵەتی فیدراڵدا، کە من بە گەوهەر و مرواریی نێو ڕشتەی دەستووری دەزانم، چونکە ماددەیەکی نەگۆڕاوە و کورد تێیدا براوەیە؛ لەمەودوا دەروازەی بەسەر ناوچەی ڕۆژهەڵاتدا کراوەیە.. گەورەترین عەیب و شووړەیی بۆ ئێمە ئەمڕۆ ئەوەیە، ئەو زمانەی کە هەتا غەیرەکوردیش دەزانێت بە درێژایی مێژووی عیراق، ڕەسمی بووە؛ ئێستە بێین دەستبەرداری بین و بە لەهجەگەلی کوردییەوە خۆمان بەوان بناسێنین.. ئەز لەوە دەترسم لە داهاتوودا نەیاران لەسەر ئەم پەتی ناتفاقییەی کورد ـ هەتا لەسەر زمان ـ یاری بکەن .. پەککوو چەند دوژمنی خۆمانین !
خۆ ناحەزان ناهەقیان نییە، زمانێ خاوەنی ئەوەندە لەهجەیە بێ، چۆن لەپاڵ زمانی عەرەبیی دابنێن و لە خەنە نێن دەست و پێ.. ( ثبت العرش ثم انقش ) .. من عەرەب بم، داوای ئەوە دەکەم ماددەی زمانی کوردی لە دەستووری فیدراڵدا، هەرهیچ نەبێ هەڵپەسێردرێت.. ئاخر برایەکی عەرەب کە کوردی خۆش دەوێ یا کابرایەکی بیانی حەزی لە کوردە، کام زمان فێر بێت.؟ زمانی سۆرانی، یان زمانی بادینی، ئان زمانی کرمانجی، یانژی زمانی زازایی یان زمانی فەیلی.؟ خۆ عومریش بای ئەوەندە زمانەکوردییانە ناکات؟ ئاخر ماقوولە تا بیست ساڵی دی چاوەڕێ بن، هەتا زمانێکی کوردی؛ بەزۆر پەیدا دەبێت.!

بۆ مێژوو : لە حەفتاکاندا یەکەم کتێبم نووسی بوو، مامۆستایەکی زانا بانگی کردمێ، گوتی : وەرە با یەک قسەت پێ بڵێم، ئەگەر بە گوێم بکەیت؛ دەبیت بە نووسەرێکی سەرکەوتوو.. گوتم: فەرموو.! گوتی : هەرگیز بە کوردی مەنووسە، گوتم : لۆ ؟ گوتی : چونکە کوردی زمان نییە ومیللەتی کوردیش وەک ئەو کابرایە وایە کە ئەو دارەی لەسەری وەستابوو؛ بڕییەوە. هەر ڕەنجێکیش بدات، تا لە ئاخرەکەیدا هەرەس نەهێنێ؛ هەرگیز ناحەجمێ و ناحەسێتەوە.!

## سەرۆکی هێژا.!

مارشی نەتەوەییی کورد ( ئەی ڕەقیب ) زۆر مقۆمقۆ و گفتوگۆ و شەڕەقسەی لەسەر کرا، چ لە ئاستی ڕۆشنبیری و چ لە ئاستی ڕەسمیدا.. لە کاتێکدا ئەگەر ئەمەی دڵداری شاعیریش نەبووایە، ئەوا دەکرا هی شاعیرێکی هاوچەرخ و بە پێزتریش بووایە و زەرەری بۆ پەزی نە دەبوو لە دوایە.. وەلێ زمانی ستاندارد

حەوسەڵەی هاوسەر و هەوێیەکی دیکەی نییە؛ بێ ئەوەی زیان لە بنەمای نەتەوەییمان بدرێت، کە ئەویش بریتییە لە پەیدابوونی نەتەوەگەلان لە هەموو لایە.. ئەمەیش رێگە لەوە ناگرێت، بە وشەگەلی چاوکاڵ و لیوئاڵ وبەژن زراڤ و لەباری زاراوە شیرینەکانی بادینی و کرمانجی و فەیلی و هەورامی و موکریانی وزازاکی و ئەوانیکەمان، ژیکەڵە و پۆشتەوپەرداخی کەین تا وەک پەروانە بخوولێنەوە بە دەوری چرا و لالە و لایلایەی شیرینی ( دایە ).

دوای ئەو گوریسکێشییە زۆروزەوەندەی لەمەڕ ئاخۆ ئەم ( ئەی ڕەقیب ) ە خاسە یان خرا، کرا؛ لەلایەن سەرۆکی کوردستانەوە بڕیار درا کە ئەم سروودە دەمێنێ و زەرەرمانە ئەگەر دەستی لێ درا و بە مۆزەخانە سپێردرا.. ئەوجا، ئەگەر بۆ ئەی ڕەقیب پێویستمان بەو بڕیارە یەکلاکەرەوە هەبووبێت، ئەوا بڕیاری ئاوا بۆ زمانەکەمان؛ دەکەوتە بازنەی ئەرکە مێژووییە هەرەگرنگەکانی سەرۆکی کوردستان.

ئەو کوردایەتییەی لە سەردانەکەی بەڕێزتان بۆ دهۆک، داواتان کرد، بە بڕوای من مەحاڵە بێ پاراستنی زمانی پەتیی هەموو کوردان ـ کە بە غەدر پێی دەڵێن سۆرانی ـ بێتە دی.. بەڵکوو هەتا فیدرالیزم و داوای دەوڵەتیش، بایەخیان نامێنێت؛ چونکە ـ خەنی لە دوژمنان !ـ کورد بەرەو ئیماراتی لوغەوی دەڕون و چیتر.. خەریکە هەقی قارداش سلێمان دەمیرەلی سەرۆکی بەرێی کۆماری تورکیا بگرم کە جارێکیان فەرمووبووی : ئاخر کوردەکان بە هەشت زمان قسە دەکەن، هەق بدەینە کێ؟! پێشتریش ڕەفیق تاریق عەزیز ـ فک الله أسره ! ـ فەرموووبووی : خۆ ئەگەر زمانی عەرەبی نەبێت، هەولێرییەک و دهۆکییەک لە یەکدی ناگەن.! سوێدییەکی شارەزا لە ڕەوشی کوردان، پێی گوتم : ئەوەندەی سوێدییەک و نەرویجییەک یان ئەوەندەی سوێدییەک و دانیمارکییەک یاخود ئەوەندەی نەرویجییەک و دانیمارکییەک ـ کە گەلانی جودان ـ لە یەکدی دەگەن؛ ئەوەندە سۆرانییەک و کرمانجێک لە یەکدی ناگەن.

سەرۆکی هێژا.!

ئەو مەسەلەیەی لە حاڵی سەرداریی بەڕێزت لە لوتکەی حوکمڕانیدا، بڕیاری لەسەر نەدەیت، بە تەمای پاشان مەبە؛ چونکە ـ بابەتەکە ـ زۆر لەوە گەورەتر و ناسکترە بیدەیتە دەست نەوەکانی داهاتوو، چ لە نەوەی بەدرخانییەکان یان ئەوانیدیکەی بابان و بەبە.. ئەوەی لەم گەرماوگەرمەدا نەکرێ، بە هیوای داهاتوو مەبە، چونکە ڕەوشەکە خێراتر دەڕوا و گرێی فرەزمانیی کوردان؛ هەم کوێرە و هەمیش قەبە.

باوی ئەوە نەما ـ دوای شازدە ساڵ ئازادی و هەبوونی هەموو داودەزگەیەکی دەوڵەتی و سەرۆک ـ بێژین دوژمن نەیهێشت زمانی یەکگرتوو و پەتیمان هەبێت.. باوانی سوێدییان فەرموویانە : هەڕوو جلکی گەرم لەبەر کە، گلەیی لە سەرما مەکە.! ئەگەر پێ لە بەختی خۆمان نەنێین؛ زمانی یەکگرتوومان هەیە، لە هەر کوێ بێت.

ئاریشەکەیش هەتا شلکەگرییە، حەل نەکرێ، ئەو وەختە ئەو( ئەی ڕەقیب )ەی جەنابتان مکوڕ بوون لەسەر مانەوەی؛ بە واقیع دێتە گۆڕین و هەر بەم زووانە دەوترێ :

ئەی ڕەقیب.. لێی پاڵ دەرەوە.! کورد دەبێ بە گەلانی کورد<br>
ئەو کەسەی دەیگوت کە ماوە، پێی بڵێ ئەمڕۆکە مـــــــــــرد

27/06/2007